کورتەیەک

# لەژیانی ئیمامی نەوەوی

بەرەحمەتبێ

نووسینی

**حەسەن پێنجوێنی**

**چاپی یەکەم**

1423- 2003

**بسم اللّه الرحمن الرحيم**

" وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّور، وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللَّهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ"

سورة إبراهيم/5.

" لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الأَلْبَابِ..."

سورة يوسف/111.

**چاپی یەکەم**

1423 ك - 2003 ز

**پێشەکی:**

**له منالیمەوه شێخی نەوەویم خۆش ویستووه، پێش لەوەی له ژیانی ئەم زاته پایه بەرزه شارەزاببم، لەگەڵ ناوبردن و باسکردنیا ئۆتۆماتیکیانه دەمگوت رەحمەتی خوای لێ بێ .**

**هەرچی بیرم لێدەکردەوه نەم دەزانی هۆی چییه، بۆ خۆشم دەوێت؟ ئایا ئەم خۆشەویستییه زادەی ئەو سەردەمەیه کەقوتابی بووم و هەندێ له کتێبەکانیم دەخوێند؟ ، خۆ زۆرکەس و زانای تریش هەبوون کتێبەکانیانم خوێندووه بۆ بەو جۆره خۆشەویستییان له دڵما جێگیر نەبووه؟ هەروەها له خەڵکێکی زۆری تریشم دەبیست که خۆشیان دەوێت، ئینجا ئەو**

**فەرمووده صەحیحەی پێغەممەر - ﷺ-م بیرکەوتەوە کەدەفەرموێ:**

(إنَّ اللهَ إذا أَحَبَّ عَبدًا دَعى جِبريلَ فقالَ: إني أُحِبُّ فُلاناً، فأحبهُ، قالَ: فيُحِبهُ جبريلُ، ثُم يُنادِي فِي السماءِ فَيقولُ : إنَّ اللهَ يحبُّ فُلانًا فأحبُّوهُ، فيُحِبُّ أهلُ السماءِ، ثُمَّ يُوضَعُ لهُ القبولُ في الأرض.)[1]

**واته: بێگومان خوا که عەبدێکی خۆش ویست جوبرەئیل بانگ دەکات و دەفەرموێ: من فلانەکەسم خۆش دەوێت، تۆیش خۆشت بوێت، پیغەممەر فەرمووی: جوبرەئیلیش خۆشی دەوێت، ئینجا له ئاسمانا بانگ دەکات و دەڵێ : بێگومان خوا فلانه کەسی خۆش دەوێت، ئێوەش خۆشتان بوێت، خەڵکی ئاسمانەکان خۆشیان دەوێت، ئینجا لای خەڵکی سەرزەویش خۆشەویست دەبێ..**

**ئەوکاته حاڵی بووم که بۆچ خۆشم دەوێت؟ بەڵێ پیاوێك له خواترس و حەقوێژ بێ، فەرمان به چاکه بکات و خەڵکی له خراپه دوور بخاتەوه، هەمیشه دەمی به قورئان خوێندنەوه پاراو بێ، هیچ یادێکی پەروەردگاری پشتگوێ نەخستبێ، بەدڵیشی خ ەریکی یادی**

1- رواه الشيخان والترمذي عن أبي هريرة

خوابو بێ، تا زیاتر زانیاری فێر بووبێ زیاتر به یادکردنەوە و پەرستشەوە لەخوا نزیك بووبێتەوە، پیاوێك وازی لەهەندێ حەڵاڵ هێنابێ نەوەك تووشی شوبهەی حەرام ببێ، پیاوێك لە حەق گوتندا لەهیچ هێزو دەسەڵاتێك نەترسابێ، لەراستیدا شیاوی ئەوەیە خوا و فریشتەکان و هەموو ئادەمیزادێك خۆشیان بوێت .. سا خوا لەگەڵ پیاو چاکان و راستگۆیان وشەهیدانا حەشرمان بکات، ئامین.

**حەسەنی پێنجوێنی**

**پێرس- ئوستراليا.**

www.penjweny.org

## 1. ناوی خۆی و بنەماڵەکەی:

ئیمامی نەوەوی- بەرەحمەت بێ- ناوی : (یەحیا ) یەو کونی ەی (ئەبوو زەکەرییا )یە و لە قەبی (موحیەددین )ەو کوڕی (شەڕەفوددین )ە و بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر حەزامی حەزامی، هەندێك پێیان وابووە کە لەنەوەی حەزامی صەحابییە، بەڵام ئیمامی نەوەوی بەدەست خەتی خۆی نوسیویەتی کەلە نەوەی ئەو هاوەڵە نین، باپیرە گەورەیان لەسەر باوی کۆچی ئەوسەردەمە دەچێتە ئاوایی (نەوا)و لەویدا نیشتەجێ دەبێت و نەوەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوەو هۆزێکیان لێ پێك دێ[2]. زانایان لەقەبی (محي الدین ) واتە : (زیندووکەرەوەی ئاین )یان بەسەرا بڕپوە، بەڵام چونکەخۆی پیاوی خوا بووە پێی ناخۆش بووە خەڵکی وای پێ بڵێن لەبەر سێشت:

2- تحفة الطالبين لابن العطار.

**یەکەم** : ئاین زیندووەو مردنی بۆنییە و پێویستی بەکەس نییە زیندووی بکاتەوە، ئەگەر نەخۆشیش بێ خوا هێزو گوڕی پێدەداتەوە.

**دووەم**: ئەمە تەعریف و پیا هەڵخوێندنەو لەوانەیە ئینسان لەخشتە ببات و وای لێبکات خۆی بە شتێ بزانێ و هەڵبخلیسکێ.

**سێ یەم**: ئیمام خۆ بەزلزان نەبووە، بەڵکو هەمیشە خۆی بەکەم لەقەڵەم داوە، و خاکی بووە، ئەحمەدی کوڕی فەرەجی ئیشبیلی بەرەحمەت بێ دەڵێ : ئیمامی نەوەوی گوتویەتی : ئەوەی پێم بڵێ: (محي الدين) گەردنی ئازاد ناکەم[3].

باوکی ئیمامی نەوەوی پیاوێکی زاناو پیرێکی پارێزکارو پیاو چاك بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە زانایەکی باش بووە بەرەنجی شانی خۆی ژیاوەو دوکانی هەبووە، لەساڵی 685ك کۆچی دوایی کردووە، خەڵکی دیمەشق بە (غائیبی )نوێژیان لەسەر کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوە کەناوبانگی بە پیاوچاکی دەرکردووە، ئیمامی نە وەوی پاش مردنی باوکی دەساڵێك ژیاوە ئینجا کۆچی دوایی کردووە[4].

---

3 - ترجمة النووي للسخاوي.
4 - المصدر السابق/ 76.

### 2. شوێنی لە دایکبوونی:

ئیمامی نەوەوی لەدێی نەوا لەدایك بووە، کە گەورە دێی ناوچەی گۆلان(جۆلان)ی خاکی (حۆران)ە، و کەوتۆتە لای خوارووی (دیمەشق )ەوە. یەکێك لەزانایان لەوبارەوە قسەیەکی زۆر جوانی ئکردووەو دەڵێت : خەڵکی کە خۆیان دەدەنە پاڵ شارێك یا دێ یا ناوچەیەك بۆ ئەوەیە پێی بناسرێنەوە، بەڵام ئیمامی نەوەوی بە پێچەوانەوە، (دێ) یەکەی نەناسراو ونەزانراو بووەو بە هۆی ئەمەوە ناسراوە، و بگرە بەهۆی ئیمامەوە لەناو دڵ و دەروونی موسوڵمانانادا جێگەی خۆی کردۆتەوە و بەسەر زمانیانەوەیە، و لە مێژووی ئیسلامدا ناوی هەمیشەیی و جاویدانی بۆ خۆی دروست کردووە، تا موسڵمانێك بمێنێ ناوی ئەویش دەمێنێ .. زانایانی فەرمووده(حدیث)و شەرع (فیقه) ناوی خۆی و لەقەب و کونیەکەی کەمتر بەکاردێنن، بە زۆری نیسبەتەکەی بەکا ر دێنن و بە نەوەوی ناوی دێنن.

### 3. کامیان راستە؟:

بەشی زۆری خەڵکی دەڵێن : (نەوەوی )، و هەندێکیش دەڵێن : (نەواوی)، ئیمام بەدەستخەتی خۆی نەوەوی (النووی ) نووسیوە، وە بە پێی رێزمانی زمانی عەرەبیش ئەوەی خۆی نووسیویەتی راستە،

چونکە ئەو ناوەی دواین پیتی ئەلفی ك ورت بێ، کە بە ێ(ی)دەنووسرێ، وە ئەو ئەلفە کورتەش سێیەم پیت بێ، وەك :
(نَدَى، نَوَى، رَجَى)، ئەوە لەکاتی نیسبەتا ئەلفە کورتەکە دەکرێ بە واو، وەك: (نَدَوِي، نَوَوِي، رَجَوِي).

## 4. ساڵی لە دایکبوونی:

لە مانگی موحەررەمی ساڵی 631ك 1233ز لە دێی نەوا چاوی هە لێناوەو پێی ناوەتە جیهانی پان و بەرینی هەوڵ و تێکۆشانی سەرو مرییەوە . ئەوسەردەمەش سەردەمی زانایانی وەك عیززی کوڕی عەبدوسسەلام و ئیبنو سەلاّح و ئیبنو تەیمییە بووە (رەحمەتی خوایان لێ بێ )، سەردەمی زانایانی ناودار و هەڵکەوتو بووە.

## 5. هەر لە منالّییەوە پاك بووە:

هەر لەمنداڵیەوە نیشانەی زیرەکی و پارێزکار (تەقوا )ی تیا دەر کەوتووە، وەك ئەوە خوا ئامادەی کردبێ بۆ هەڵگرتنی سپاردەیەکی قورس و گران- ئەمانەتی زانست و زانیاری و میراتی پێغەممەران علیهم السلام- . ئەم زانا پایە بەرزە هەر لەمنداڵییەوە کەرامەتی گەورە گەورەی لێ دەر کەوتووە، بۆ نموونە:

باوکی ئیمام دەگێڕێتەوە و دەڵێ : لە شەوی بیست و حەوتی رەمەزانا لە پەنای خۆما خەوتبوو، لە نیوەی شەوا من و هەموو خێزانەکەی خەبەر کردەوەو گوتی : بابە ! بابە ! ئەو رووناکییە چییە وا ماڵەکەمانی پڕ لەشەوق و رووناکی کرد؟ ئێ مەش هەرچی سەیرمان کرد هیچمان نەبینی، لەویا بۆم دەرکەوت ئەو نوورە نووری شەوی قەدر بووە، چونکە شەوەکە یەکێ بوو لە شەوەکانی قەدر(5).

لەتەمەنی دە ساڵیدا لە دوکانی باوکیا دا دەنیشێ و بە دەورکردنەوەی قورئانەوە خۆی خەریك دەکات، شێخ یاسینی مەڕاکیشی پیاوچاکێکی خاوەن کەشف و کرامات بووە و نیشتەجێی دیمەشق بووە، بۆ سەردان دەچێتە ئاوایی نەوا، لەبارەی نەوەوییەوە دەڵێ : منداڵانی هاوتەمەنی زۆری لێدەکەن یارییان لە گەڵا بکات، ئەویش دەست بەگریان دەکات و لەدەستیان هەڵدێت، و بەدەم گریانەوە خەریکی قورئان خوێندن دەبێ(6) .

شێخ یاسین دەڵێ: خۆشەویستی ئەم منداڵە کەوتە دڵمەوە، هانم دا بۆ ئەوەی زیاتر قورئان بخوێنێ و زۆرتری لێ لەبەر بکات،

---

5- الطبقات الكبرى للسبكي:396/8.
6- أنوار الطالبين بشرح الأربعين/ 78.

رۆیشتم بۆ لای مامۆستاکەی- ئەوەی دەرسی قورئانی پێ دەگوت- دەستەو دامێنی بووم و گوتم: تکات لێدەکەم ئاگات لەم منداڵە بێ و بایەخی زۆری پێ بدە، هیوادارم ئەم منداڵە ببێتە زاناترین و پارێزکارترین کەسی سەردەمی خۆی و سوود بە خەڵکی بگەیەنێت . مامۆستا کەی پێمی گوت: تۆ فاڵچی و نجووم گەری؟ گوتم نەوەڵڵا، بەڵام خوا وای خستۆتە دڵمەوە داهاتووی ئەم منداڵە زۆر بەگەش دەبینم، شێخەکە ئەم قسانە بۆ باوکی نەوەوی دەگێڕێتەوە، ئەویش بەردەوام دەینێرێتە خوێندن تا لەنزیك پێگەیشتن (بلووغ )دا قورئان تەواو دەکات[7].

لەساڵی 649ھ باوکی دەیهێنێت بۆ دیمەشق و لە قوتابخانەی (الرواحية )[8]دا نیشتە جێ دەبێت، لەماوەی چوارمانگدا کتێبی (التنبيه) لەبەر دەکات، و لەماوەی هەشت مکانگەکەی ترا چواریەکی عیبادات لەکتێبی (المهذب) لەبەر دەکات.

### 6. لەگەڵ باوکیا بۆ حەج دەچێ:

لەساڵی 651ھ لەگەڵ باوکیا دەچێ بۆ حەج، نزیکەی مانگ و نیوێك لەوێ دەمێنێتەوە، لەو سەفەرەدا بەزۆری نەخۆش دەبێت و

7- ترجمة النووي للسخاوي/ 4.
8- لەهەندی کتێبدا نووسراوە الرواجية، بەڵام الرواحية راستە.

(تا) دای دەگرێت. ئەوەند خۆگر و صابیر دەبێ باوکی وشەی ئاخ و ئۆفی لێ نابیستێ، پاش تەواو کردنی حەجەکەی لەتەك باوکیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەوا پاشان بۆ خوێندنەکەی دەچێتەوە بۆ دیمەشق لای زانای پایە بەرز (کەمال )ی کوڕی ئەحمەد دەست بەخوێندن دەکات و کاتی خۆی بە فیڕۆ نادات. لە سەردەمی قوتابیەتیدا تیکەڵ بە خەڵك نەبووە، بە خوێندن و دەورکردنەوەو یادی خواوە وەختی خۆی بردۆتە سەر.

### 7. سووربوونی لەسەر زانیاری:

شێخ (ئیبنول عەتتار )ی قوتابی دەگێڕێتەوەو دەڵێ : مامۆستا نەوەوی بۆی گێڕامەوە کە رۆژانە دوانزە دەرسی خوێندووە، وە هەرجێگایەك لە و کتێبانەدا ناڕ ەحەت وقورس بووبێ ئاسانی کردووە، وە هەر وشەیەك گران بووبێ سووکی کردووە، و پەراوێزی بۆ کردووە، خوا بەرەکەتێکی زۆر دەخاتە کارو کاتیەوە، و یارمەتییەکی باشی دەدات، خواردنی زۆرکەم بووە، لەگەڵ خەو و تەمبەڵیدا دوستایەتی نەبووە.

### 8. مامۆستاکانی:

شێخی نەوەوی مامۆستایانێکی زۆری هەبووە، یەکەم مامۆستای

ئاراستەو پەروەردەکردنی شێخ یاسینی مەراکیشی بووە، نەوەوی زۆر هات و چۆی کردووە، پرسی پێ کردووە، و هیوای بەفەڕو بەرەکەتی هەبووە.

یەکێ لەو مامۆستایانەی کە شوێنەواری خۆی لە ژیانی نەوەوییدا هەبووە یەك ەم مامۆستای لە شەرعدا ئەبو ئیبراهیم - ئیسحاق کوڕی ئەحمەد -ی مەغریبی بووە، ئەم زانایە لە عیبادەت زۆری و دنیا نەویستی و پارێزکاری و خۆ لە حەرام پاراستندا کەم وێنە بووە، بەشی زۆری سوود وەرگرتنی لەم مامۆستایەوە بووە، هەرچەند مامۆستای تریشی لەم بابەتەدا زۆر بووە[9].

## 9. هەوڵ و تێکۆشانی:

(ئیبنول عەتتار )ی قوتابی دەگێڕێتەوەو دەڵێ : نەوەوی مامۆستام -رەحمەتی خوای لێ بێ- بۆی باس دەکردم و دەیگوت : لە شەو و رۆژدا کاتی خۆم بە فیڕۆ نەداوە، ئەگەر بە ڕێگەیشا رۆیشتبام یا دەورم کردۆتەوە یا قورئانی لەبەر کردووم خۆێندۆتەوە. لە ماوەی شەش ساڵدا خوێندنی ئەو سەردەمەم تەواو کردووە، لە سەردەمی هەڕەتی لاویەتیدا دەوری قورئانی زۆرکردۆتەوە، یادی خوای زۆربووە، پشتی لە دنیاو رووی لە

[9] - تحفة الطالبين لابن العطار.

پاشەرۆژ بووە.[10]

پاش تەواو کردنی خوێندنی ئەو سەردەمە دەستی بەکتێب دانان و ئامۆژگاریو رێنموونی کردنی خەڵکی کردووە، زۆر هەوڵی بۆ دەروون پاکردنەوەی خۆی پێش خەڵکی داوە، و ویستوویەتی بەسەر خۆیا زاڵ ببێ و تەم و چڵك بەرووی ئاوێنەی دڵ ودەروونیەوە نەنیشێ، ئەو قوتابیانەی بەدەوریا دانیشتوون نەیهێشتووە لە حەوتکەس تێپەڕن مەبادا لەخۆ بایی بوون رووی تێبکات . زۆر عاشقی فەرموودەکانی پێغەممەر- ﷺ— بووە، بۆیە حەزی کردووە هەمیشە لە خزمەتیانا بێت، بە لەبەربوون فەرموودەیەکی زۆری لەبەر بووە، و جۆرەکانی فەرموودەو پیاوەکانیی زۆر بەباشی ناسیوەو زانیوە..

لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە خۆی لەوشتانە پاراستووە کە تەمبەڵی بۆ ئینسان دروست دەکەن، زۆر بەکەمی خەیارو میوەی خواردووە، کاتێ لێیان پرسیوە بۆچ؟ گوتوویەتی دەترسم لەشم تەوشقی تێبکەوێت و تەرببێ و خەو بەسەرما زاڵ ببێ.

## 10. نووسراو و دانراوەکانی:

[10] - المصدر السابق.

**شێخی نەوەوی نووسراوی زۆری هەبووە، کورت ومامناوەندی و درێژ، کورتەکان وەك** : بستان العارفين، الأربعينية، الأذكار، التقريب، و منهاج الطالبين . **درێژەکانیش وەك** : شرح صحيح مسلم، المجموع في شرح المهذب . **مامناوەندییەکانیش وەك** : رياض الصالحين ، التنقيح، و العمدة . **ئەمانەو چەندەها کتێبی تریش.**

**نووسراوەکانی لە جیهانی ئیسلامیدا بلاّو بوونەوتەوەو خەڵکی هەوڵیان داوە بەدەستیان بێنن و بیان خوێنن و سوودیان لێ وەربگرن. پێم وایە نییەتی پاك ومەبەستی خوا بووە بۆیە خوایش فەڕو بەرەکەتی خستۆتە ناو نووسراوەکانیەوە، لەپاش خۆیشی زیاتر سوودیان لێ وەرگیراوە، بۆ نموونە کتێبی مینهاجەکەی زیاتر لە پەنجاکەس ش ەرحیان کردووە، یاکورتیان کردۆتەوە، یا هۆنیویانەتەوە،** [11]**. وە ئەربەعینەکەی زیاتر لە چل و پێنچ شەرحی لێکراوە .**[12] **لەوکاتەدا کەژیانەکەیم دەخوێندەوە شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرم دیت ئەویش ئەوە بوو کە : ئیمامی نەوەوی هەندێ لەدەستخەتەکانی خۆی سووتاندووە، نەوەك ن ییەتەکەی لەکاتی دەستپێکردندا لەبەر خاتری خوا نەبووبێ !! ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر پاکبوونی نییەتی، هەزاران رەحمەتی خوای لێ بێت.**

## 11.**وەرعی ئیمام**:

**وەرع وشەیەکی عەرەبیە، واتە : خۆ دوور خستنەوە لە گوناه و دوورە پەرێزی لەوشتانەش کە گومانی حەرامیان لێ بکرێ..**

**شێخی نەوەوی بەرەحمەت بێ هەروەك لەحەرام خۆی پاراستووە خۆیشی لەو شتانە پاراستووە کەشوبهەی حەرامی لێ کردبن، نەوەك بکەوێتە ناو حەرامەوە، شتی لەهیچکەس وەرنەگرتووە تا لەدینی دڵنیا نەبووبێ، وە ئەگەر وەریشی گرتبێ بۆی داچووە و لێی کۆڵیوەتەوە، نەوەك خزمی یەك ێك بێ لەو قوتابیانەی کە ئەم دەرسیان پێ دەڵێ، یایەکێك بووبێ لەوانەی سوودێکی شەرعییان لێ وەرگرتبێ، تا بەر ئەو فەرموودەیە نەکەوێت کە هەڕەشەیەکی گەورەی تێدایە لەوکەسانەی بەپارە مەسەلە ئاینییەکان فێری خەڵکی دەکەن . ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:**

عَنْ عُ بَادةَ بن الصامِتِ قالَ عَلَّمْتُ ناساً مِنْ أهلِ الصُّفَّةِ

[11]- ترجمة النووى للسخاوى/ 20و21.

12- **ئەمە ژمارەی هەشتا کانە کە من شەرحی ئەربەعینەکەم دەکرد، لەوانەیە ئێستا زۆر لەو ژمارەیە تێپەڕیبێ.**

الكتابَ وَالقُرآنَ فَأهْدَىإلَيَّ رَجُلٌ مِنْهُمْ قَوْساً، فقلتُ لَيْسَتْ بِمَالٍ وأرْمِى عَنْهَا فِي سَبيلِ اللهِ عَزَّوَجَلَّ لآتينَّ رُسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَليهِ وسَلَّمَ فَلأسْألَنهُ فَأتَيْتُهُ فقُلْتُ : يَارُسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَليهِ وسَلَّمَ، رَجُلٌ أهْدَى إلَيَّ قَوْساً مِمَّنْ كُنْتُ أعلِّمُهُ الكتابَ وَالقُرآنَ وَ لَيْسَتْ بِمَالٍ وأرْمِى عَنْهَا فِي سَبيلِ اللهِ . قالَ :إنْ كُنْتَ تُحِبُّ أنْ تُطَوَّقَ طَوْقَاً مِنْ نَارٍ فلقْبَلْهَا. (13)

ئەمە واتای فەرموودەکەیە : عوبادەی کوڕی سامیت دەڵێ : لە ئەهلی سوففە خەڵکێکم فێری قورئان وکتێب کردبوو، پیاوێك لەوانە کەوانێکی بە دیاری بۆ هێنابووم، منیش لە دڵی خۆما گوتم : خۆ ئەمە پووڵ وپارە نییە، و منیش لەرای خوادا بەکاری دێنم و تیری پێ دەهاوێژم، دەچم بۆ لای پێغەممەر ﷺ و پرسیاری لێ دەکەم، چووم بۆ لای و عەرزم کرد : ئەی پێغەممەری خوا، پیاوێك لەوانەی فێری قورئان و کتێبم کردبوو کەوانێکی بە دیاری بۆ هێنابووم و پووڵ وپارە نییە، و منیش لەرای خوادا بەکاری دێنم و تیری پێ دەهاوێژم، ئەویش فەرمووی : ( ئەگەر پێت خۆشە تەوقێکی ئاگرین بکرێتە گەردنت وەری بگرە.)

وە لە ریوایەتێکی ترا دەڵێ : گوتم : (مَاتَرَى فِيهَا يَارُسولَ اللهِ؟

13- رواه أبوداود في كتاب البيوع، أبواب الإجارة، باب كسب المعلم تحت رقم/2964.

فَقالَ : جَمْرَةٌ بينَ كَتِفَيكَ تَقَلَّدْتَها أوْتَعَلَّقْتَهَا )(14) ئەی پێغەممەری خوا، چی تیا دەبینی؟ فەرمووی: پشکۆیەکە لە نێوان هەردوو شانتا، کردوتەتە شانت ، یا پیاتا هەڵواسیوە.

هەر وەك ئیبنول عەتتار دەیگێڕێتەوە ئەوەی لە خەڵکی وەرگرتبێ تەنیا دوو شت بووە: جارێکیان پیاوێك هاتەلای و گوتی : مامۆستا فلانەکەس لەولاتی صەرخەدەوە سلاّوی پێشکەش دەکردیت و بەمندا ئەم مەسینەیەشی بە دیاری بۆ ناردوویت، مامۆستاش لێی وەرگرت، ئیمەش زۆرمان پێ سەیر بوو چونکە تا ئەو کاتە نەمان دیبوو شت لە هیچکەسێ وەربگرێ . هەستی کرد ئێمە سەرسام بووین، گوتی سەرسام مەبن نەعلێکیشیان بۆ هێناوم وەرم گرتووە هەردووکیان پێویس تن بۆ سەفەر !! وەك ئەوە ئاگاداریان بکاتەوە کە کاروانییەو ئامادەیە و بەم زوانە سەفەر دەکات.

هەرچی باوکی بۆی نەهێنایە نەی دەوویست، باوکیشی نانە رەقەی ماڵەوەو هەنجیری حۆرانی بۆ دەهێنا . ژیانی بەزبری بردۆتە سەر، بەزۆری جل وبەرگەکانی زبرو پیناوی بوون، زۆر خاکی بووە شانی بۆ تەمەڵی شل نەکردووە، تا نەڕۆیشتبێتەوە بۆ نەوا گۆشتی

14- المرجع السابق باب كسب المعلم تحت رقم/2964.

له دیمەشقدا نەخواردووە، بە دەگمەن دوو پێخۆری هەبووبێ، هەریەك پێخۆری هەبووە، ئەویش زەیت بووە، یاسرکە ، یادۆشاو، ئیبنول عەتتار دەڵێ : بۆ یەکەمجار ئیمامم دی کە دوو پێخۆری خوارد ئەویش ئەو ە بوو کاتێ شێخ بورهانەددینی ئەسکەندەرانی لەرەمەمزاندا دەعوەتی بۆ کردبوو، نانەکەی پێ هێنایە مزگەوت و لەگەڵ سێ قوتابیدا لە نانەکەیان خوارد.[15]

تاقەتی گەمەو گاڵتەی نەبووە، حەزی لە جیددی بووە، زۆرکەم پێکەنیوە، هەمیشە خوای بە چاودێری خۆی زانیوە، بۆ ئ ەوەی خۆی لێ نەگۆڕێ جل و بەرگی هەژارانە بووە، خام بووە یا سەختیان، ریش پڕو گەنم رەنگ بووە، چوارشانەو بەسام و هەیبەت بووە، قسەی حەقی کردووە ولەسەرزەنشتی خەڵکی نەترساوە[16].

## 12.هەڵوێستی لەگەڵ دەسەڵاتداراندا:

لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانەوە وەستاوەو قسەی حە قی بە گوێیانا داوە، لەپێناوی خوادا شەرمی لەکەس نەکردووە، ئەگەر بەرەو روو بۆی نەکرابێ نامەی بۆ ناردوون و رایچڵەکاندوون، هەرگیز لایەنگیری لێنەکردوون، دەسەلات وتوانای خوای خستۆتە پێشچاو و بەسزاو عەزابی خوایی ترساندوونی.

نامەی بۆ پاشاو دەسەڵاتداران نارد ووەو ئامۆژگاری کردوون و رێی خێرو چاکەی بۆ باس کردوون، نامەی بۆ مەلیك بەدرەدین و مەلیك زاهیری بیبرس و مەلیك سەعیدی کوڕی بیبرس و چەندان دەسەڵاتداری تریش ناردووە و داوای لێکردوون خۆیان لەخراپە بپارێزن.[17]

## 13.کەشف و کەراماتی:

ئەبول عەبباس ئەحمەد کوڕی موح ەممەدی شافیعی دەڵێ : مامۆستای پیاوچاك و راستگۆ موعەممەر ( ئەبول قاسم ) بۆی گێڕامەوە و گوتی : لەخەوا دیتم ئالأیەکی زۆر هەڵکراوە و لەگەڵ ئاوازێکی خۆشدا تەپڵ و دەف لێ دەدرێ، پرسیارم کرد: ئەوە چییە؟ گوتیان: ئەم شەو یەحیای نەوەوی بووەتە قوتب، رەحمەتی خوای لێبێ، لە خەو خەبەرم بووەوەو نەم دەزانی یەحیای نەوەویی کێیە؟ نەناوم بیستووە و نە دەیناسم. خوا وای رێکخست بۆ کارێکی

---

15- ترجمة النووى للسخاوي/38.
16- سير النبلاء للذهبي، نقلا عن المصدر السابق/39.

17- نامەکانی نەوەوی بەدرێژی لەو ژیاننامەیەدا هەیە کە سەخاوی نووسیویەتی، لەلاپەرە42–47.

**خۆم سەرێکی دیمەشقم دا، لەویّ خەوەکەم بۆ پیاوێك گێڕایەوە، ئەوویش گوتی : ئەوە مامۆستایە لە دارول حەدیسول ئەشرەفییە** (دار الحديث الأشرفية )**دا وئێستاش لەویّ دانیشتووە، ڕێنموونی کردم و ڕێی پیّ نیشاندام، منیش ڕۆیشتم بۆ لای دیتم دانیشتووە، و کۆمەڵێك خەڵکی بەدرورایە.**

**هەر لەگەڵ منی بینی هەستا خەڵکەکەی جێهێشت و بەرەو رووم هات و پێش ئەوەی من قسە بکەم گوتی : ئەوەی پێتەو دەیزانی باسی نەکەی ت و بۆ کەسی نەگێڕیتەوە، لەمە زیاتری نەگوت و گەڕایەوە جێی خۆی . منیش زۆر سەرسام بووم چونکە لەوە پێش نەم دیبوو، وە لە دوای ئەوەش نەم بینییەوە**[18].

**هەروەك سەخاوی دەگێڕێتەوە ئەهلی کەشف و کەڕاماتی ئەو سەردەمە یەکڕان لەوەدا کە نەوەوی تا نەبوەتە قوتب نەمردووە**[19].

**شەمسوننەقیب دەڵیّ: من منداڵ بووم ڕۆیشتم بۆ لای نەوەوەوی رەحمەتی خوای لیّبیّ، پێی گوتم : بە خێر بێی** (قاضي القضاة )**! بەدەوری خۆما روانیم جگە لە خۆم کەسم بەدی نەکرد، ئینجا**

[18]- سەرچاوەی پێشوو/ 33، وە أنوار الطالبين/79.

[19]- قوتب (قطب) زارەوەیەکە و سۆفییەکان بەکاری دێنن، پلەیەکی زۆر بەرزی عیرفانییە

**گوتی : مامۆستای شامییە دابنیشە، منیش دانیشتم . ئەم قسانەی ئیمامم زۆر پیّ سەیر بوو، کاتیّ گەورە بووم و خوێندنم تەواوکرد بووم بە مامۆستای شامییەو دواییش بە** (قاضي القضاة)**!.**

**کەشف وکەڕاماتی ئیمام زۆرن، ئێمەش مەبەستمان لەم کورتە باسە ئەوە نییە بەشوێن هەموو کەشف و کەراماتیا بگەڕێین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە چەند نموونەیەك لە ژیانی بخەینە پێشچاو تا خوێنەری کورد بیناسن، بۆیە بەو دوو نموونەیە کۆتایی بەباسەکە دێنین و هەرکەس دەیەویّ لەوبارەوە زیاتر بزانیّ باسەرێك لە وکتێبانە بدات کە دەست نیشانمان کردوون.**

## 14.کۆچی دوایی:

**شێخی نەوەوی پێش لە دنیا دەرچوونی سەفەرێك لە دیمەشقەوە بۆ (بيت المقدس ) دەکات، لە شاری (قودس )دا زیارەتی یەکەم قیبلەی موسوڵمانان دەکات. پاشان دەچێت بۆ شاری (الخليل ) زیارەتێکی حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام دەکات،**[20] **ئینجا دەچێت بۆ قاهیرە زیارەتێکی ئیمامی شافیعی — بەرەحمەت بیّ- دەکات، کاتیّ دەگاتە ئەویّ و گومەزی گۆ ڕەکەی دەبینیّ سەلامی لیّ**

[20]- ترجمة النووى للسخاوي /74.

دەكات وئیتر هەنگاوێك ناچێتە پێشەوە، پێی دەڵێن: ئەوە بۆناچێتە پێشەوە، ئەویش دەڵێ : ئەگەر ئیمام زیندوو بوایەو خێوەتەكەیم ببینیایە لەوە زیاتر نەدەچوومە پێشەوە، پاش سلاَوكردن لەگیانی ئیمامی شافیعی بە شوێنی خۆیا دەگەڕێتەوە ، چونكە نەیویستووە ببێت بە عەزێت و ئەو خەڵكە زۆرەی خۆشیان دەوێ پێی بزانن و پیشوازی لێوە بكەن.

كاتێ شێخی سوبوكی- بەرەحمەت بێ- هەواڵ دەزانێ كە نەوەوی هاتووەو گەڕاوەتەوە، زۆر دڵگران دەبێ و پێی ناخۆش دەبێ و دەڵێ : چۆن دەبێ نوسەری پەیڕەوی شا فیعی- محرر مذهب الشافعي - بێتە شارەكەمان و ئێمە پێی نەزانین و ئاگامان لەهاتن و گەڕانەوەی نەبێ؟ ! ئینجا شێخی سوبوكی بۆ زیارەتی نەوەوی روو دەكاتە وڵاتی شام، كاتێ دەگاتە دیمەشق و هەواڵی شێخی نەوەوی دەپرسێت، دەڵێن : كۆچی دوایی كردووە . لەبارەی شوێن و جێی نەوەوییەوە دەپرسێ، دەڵێن: لە(دار الحديث)دا بوو، ئینجا دەچێتە ئەو شوێنەی ئیامی نەوەوی تیایا دانیشتوە، لەوێ ڕیش و گۆنای هەڵدەسوێت(يمرغ)لە جێگەكەی و دەڵێ: بەڵكو ڕوومەتم بكەوێ لە شوێنێك كە پێی نەوەوی لێ كەوتبێ[21].

(21) أنوار الطالبين في شرح الأربعين/82.

نەوەوی كەلەو سەفەرەیا دەگەڕێتەوە دەچێتە ئاوایی (نەوا )، لەوێ نەخۆش دەكەوێت و باوك و دایكی لەدەوریا دەبن، لە (بیست و چواری مانگی رەجەب ی ساڵی 676 ھ)دا كۆچی دوایی دەكات و گیانی پاكی بە خوای خۆی دەسپێرێت، لە دێی (نەوا )دا تەرمەكەی دەنێژرێ و تا ئێستاش گۆڕەكەی دیارەو خەڵ كی سەری لێدەدات و سلاَو بۆ گیانی پاكی دەنێرن..

لەدڵی خەڵكیدا نەوەوی زۆر خۆشەویست بووە، كاتێ هەواڵی كۆچی دوایی دەگاتە دیمەشق شار دەشڵەژێ و گریەو زاری دۆستانی لە هەموو لایەكەوە بەرز دەبێتەوە، و پەژارەو ماتەمینی باڵ بەسەر شارا دەكێشێ، خەڵكێكی زۆر لە مزگەوتی گەورەی دیمەشقدا نوێژی مردووی بە (غائیب)ی لەسەر دەخوێنن، دوعای خێری بۆدەكەن و داوای رەحمەت بۆگیانی پاكی دەكەن[22] ، ئێمەش دەڵێین : هەزاران رەحمەت لە گیانی پاكی بێ..

# # #

www.penjweny.org

(22) الإمام النووي شيخ الإسلام والمسلمين، لعبد الغني الدقر.